راگەیاندن دەربارەی کۆبونەوەی حزبی تحریری ئیسلامی :

## حزبی تحریری ئیسلامی بەشیکە لە تیرۆریزمی ئیسلامی و پیویستە ریسواو قەدەغە بکریت...!

رۆژی یەک شەممە ریکەوتی 28 جەنیوەری لە گەرەکی لاکەمبا لە شاری سدنی، کە گەرەکیکە بۆتە مۆلگەی دەستەو تاقمە ئیسلامی یەکان، حزبی تحریری ئیسلامی کۆریکی بۆ یەکیک لە رابەرەکانی بە ناوی ئیسماعیل یاسنتۆ ساز داوە کە نزیک بە 500 کەسی تیایدا بەشدار بونە. ناوبراو بە ئاشکرا لەو کۆرەدا ئامانجە ئیسلامی یە جهادی یە تیرۆریستی یەکانی خۆی بۆ ئامادەبوان راگەیاندەوەو داوای لە هاوبیرانی خۆی کردەوە کە بۆ رزگاری ولآت و ئوممەتی ئیسلام لە دەست داگیرکاری ئەمریکا دەبیت جهاد رابگەیەنن و خەلافەی ئیسلامی کە لە سالی 1924 کۆتایی هاتوە نەک لە وولاتانی بەناو ئیسلامی بەلکو لە هەموو جهان دابمەزرینەوە.هاوکات ئەو قسانە لەسەر زاری نوینەرەکەیان بە شیوەی جۆارو جۆر بە زمانی عەرەبی لە رادیۆ ئیس بی ئیس لە چاویکەوتنیکدا لە رۆژی 30-1 دوبارە کرایەوەو جەخی لەسەر کردەوە.

بی گومان ئەمە یەکەم جار نی یە کە ئەم دەستەو تاقم و کەسایەتی یە ئیسلامیانە بە ئاشکرا لە کۆرو کۆمەلەکانیان و لە چاوپیکەوتنەکانیان لە دەزگاکانی راگەیاندنەوە سیاسەت و ئامانجی تیرۆریستانەی دژی ئینسانی خۆیان رادەگەیەنن. هەر لە ماوەی ئەمسالدا چەند جار ئەم ئامانجە تیرۆریستیانەیە لە لایەن دەستەو تاقمی ترەوە راگەیاندراوە و بە کردەوەش چەندین کەسیان لی دەستگیر کراوە کە لە هەولی کاری تیرۆریستی دا بوونە. هەر لەم بارەیەوە خودی حزبی تەحریری ئیسلامی تۆمەتبارە بە تەقینەوەکانی 2005 لەندن کە دەیان کەسی بی تاوان بونە قوربانی.

ئەم دەستەو تاقمە درندانە کە کۆنەپەرسترین و تاریکترین و شەرمەزارترین پەیامیان پی یە بۆ کۆمەلگەی شارستانی مرۆڤایەتی ئەمرۆ لە هەموو جهان، لە راستیدا ویرای ئەوەی لە باری فکری و عەقیدەیی یەوە ئالاهەلگری راستەقینەی ئایینی ئیسلامن، هاوکات لە رووی سیاسی یەوە سەرهەلدانی ئەم جولانەوەیە ئاکامی سیاسەتەکانی خودی ئەمریکاو دەولەتەکانی رۆژئاوایە لە ململانییان لەگەل بلۆکی بەناوی سۆسیالیستی رۆژهەلات لە دەیەکانی سەدەی رابردووا .بەلام لەم دوو دەیەیەی دوایدا بەدوای کۆتایی هاتن و هەرەس هینانی بلۆکی رۆژهەلاتی ناکۆکی ئەمریکا،ودوای دەیان سال لە کۆمەک کردنی ئەمریکا بەم جروجانەوەرانە لەسەرو هەمویانە ریکخراوی قاعیدەی تیرۆریست بە رابەری ئوسامە بن لادن، ئەم بەکری گیراوانە لە ئەمریکا هەلگەراونەتەوەو کەوتونەت بەرانبەرکی لەگەل ئەمریکا .

لەهەر کۆیەکی ئەم جهانەدا هەبن بونەتە مایەی دوا کەتویی و پاشەو پاش گەراندنەوەی کۆمەلگەی مەدەنی و بی مافی و داتاشینی زیاتری جیاوازی جنسی و دینی و تایەفی و زیندو کردنەوەی هەموو بیروباوەریکی کۆنەپەرستی و دژی ئینسانی سەدە تاریکەکانی جەهلو خورافە .

لەهەر کۆی یەک هەن، ئیتر لە دەسەلاتدا بن یاخود ئۆپۆزیسیۆنی ئاشکرا یانی نهینی، هەمویان یەک ئامانج و ستراتیژی سیاسیان هەیە . نمونەکانیان بە کردەوە هەر لە ئیران و ئەفغانستان و پاکستان و لوبنان و عیراق و سعودیە و ئەندونوسیا تا دەگاتە ولاتانی رۆژئاوا، لە ئەمریکاوە بگرە تا ئەورووپاو تا ئوستراليا دیارە، کە ئەویش بریتی یە لە کوشت و برو ئیعدامی بە کۆمەل و لەت لەت کردنی هەرکەسیکی موخالف بەخۆیان و هەرکەسیکی ئازادیخوازو و عەلمانی تەنانەت دیل کوشتن و شیواندنی جەستەی مردووی ئەو کەسانەی کە ئیعدام دەکریت لەسەر دەستی خۆیان. هەموی لە پیناوی گەیشتن بە دەسەلات و سەپاندنی بیروباوەرو نەریتی دواکەوتوانەی شەریعەتی ئیسلامی سەدەکانی ناوەراست.

ئەگەر چی ئەم دەستەو تاقمانە هەمیشە ئامانجە کۆنەپەرست ودژی ئینسانی یەکانی خۆیان شاردۆتەوە لە ژیر ئالای دژایەتی کردنی سیاسەت و ئامانجە داگیرکاری و شەرانگیزیەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی یەوە بە تایبەتی سەرکوتی وەحشیانەی رژیمی دژی ئینسانی و ئاپارتایدی ئیسرایل لەسەر خەلکی فەلەستین بەلام خۆ شاردنەوە لە ژیر ئەم ئالایە هیچ کات بەرهەقی بە سیاسەتو ئامانجەکایان نەداوەو ناتوانن تا سەر تاوانەکانیان لەژیر ئەو ئالایەدا پەردە پۆش بکەن.بۆیە مەرجیکی بە شکست کیشانی ئەم دەستەو تاقمە تیرۆریستانەو سەرجەم ئیسلامی سیاسی وەک بزوتنەوەیەکی سیاسی دژی ئینسانی لە گرەوی بە شکست کشانی سیاسەت و ئامانجی داگیرکاری و شەرخوازی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیتی. لەسەر هەمویانەوە دەولەتی رەگەزپەرستی ئیسرائیل هەروەها رژیمە سەرکوت گەرە قومی و ئیسلامی یەکانی ولاتانی بەناو ئیسلامی .

کۆتایی هینان بە ستەم و مەینەتی یەکانی خەلکی فەلەسیتن و دامەزراندنی حکومەتیکی سەربەخۆ و کۆتایی هینان بە داگیر کاری ئەمریکا لە عیراق و هینانە سەر کاری حکومەتیکی مۆدیرن و سکولار لەم وولاتانە،پیویستی یەکی ترە بۆ بە شکست کیشان و لە

ریشە کیشانی ئیسلامی سیاسی. دیارە بەدی هاتنی ئەمانەش ئەرک و کاری خودی خەلکی موتەمەدنی ئەو وولاتانەیە بە هاوکاری خەلکی ئاوادیخوازو لایەنە ئازادیخوازەکان لە ولاتانی رۆژئاوا.

بەلام لە ریگای بەدی هینانی ئەم ئامانجانەدا هەر لە ئیستاوە پیویستە هەلسورانی ئەم دەستەوتاقمە تیرۆریستانە قەدەغە بکریت و رەوت و جولانەوەی مەدەنیەت و ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی ناو ئەو کۆمەلگایانە کە تیوەگلاون بە تیرۆریزمی ئیسلامی و رژیمە ئیسلامی یەکانەوە تا دەگاتە ناوەندەکانی جالیەو پەنابەران لە ولاتانی رۆژئاوا بەهیز بکریت.

هاوکات لەگەل قەدەغە کردنیان پیویستە فشار بخریتە سەر دەولەتەکانی رۆژئاوا تا هیچ جۆرە کۆمەکیک بەم دەستەو تاقمانە نەکەن لە ژیر هیچ ناویکی ئیسلامی میانەرەوو توندرەو و خیرخوازی یاخود لەژیر سیاسەتی نیسبیەت و فرە کەلتوری دا.چونکە بەو رادەیەی ئەم دەستەو تاقمانە لە ناو جالیەو ریزەکانی پەنابەران لە وولاتانی رۆژ ئاوا لە برەو دابن بەو رادەیەش رەوتی راسترەوی سەرەرۆی رەگەزپەرستانە لە برەو دا دەبن.نمونەی دیار و زیندوی ئەمەش سەرهەلدانی حزبی ئوستراليا یەکەمە Australia First Party کە هەر لەم هەفتەیەدا, هاوکات لەگەل سازدانی کۆری حزبی تحریری ئیسلامی ئەم حزبە رەگەزپەرستەش لە ئوستراليا هەزاران نوسخە بەیانیان بلاو کردۆتەوە لە دژی پەنابەران.ئەمە ئەوە نیشان دەدات کە حزبە ئیسلامی یە تیرۆریستەکان و حزبە راسیستەکان لەم وولاتانە تەواو کەری یەکترن و دووړووی یەک پارەن.

بروخیٚ ئیسلامی سیاسی

برۆخیٚ رەگەزپەرستی

**کۆمیتەی ئوسترالیای**

**حزبی کۆکۆمیستی کریکاری عیراق**

**فیبریوەری** 2007